مەهاباد قەرەداغی :

## ئەو ژنانەی لەهەر پۆستییێکدا بن فیمنیستانە بیر نەکەنەوە ورازی بن بەوەی لەلایەن پیاوانەوە ئاراستە بکرێن ناتوانن گۆرانکاری دروست بکەن .**

کۆرال توفیق

" هەرگیز نەخۆم نە قەڵەمەکەم ئیحتوا نەکراوین ، گەر رۆژێك لەرۆژان قەناعەتم کرد ببمە حزبیش – ئیتر هەر حزبێك بێت – ئەو کاتەش هیچ کەس ناتوانێت قەڵەمی من ئیحتوا بکات کە نەتوانم بە ئارەزوی خۆم بنوسم چونکە سروشتی من وایە " ئەمە قسەی مهاباد قەرەداغی نوسەرو شاعیرە کە ماوەیەکی زۆر روبەروی رەخنەی توند بووە لەلایەن هەندێ نوسەرەوە پاش وەرگرتنی پۆستێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ( ئیدارەی هەولێر ) ساڵی رابردوو .

مەهاباد قەرەداغی کە لە ساڵی 1992 لە وڵاتی سوید دەژیا لە 8 مارسی ساڵی 2005 پۆستی راویژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری یەکسانی پێبەخشرا ودەزگایەکی دامەزراند بەناوی دەزگای یەکسانی ، سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو پۆستە مهاباد ئاماژەی پێدا کە کە لەسەر داوای سەرۆکی حکومەت گەراوەتەوە بۆ کوردستان وئەو پۆستەی قبوڵ کردوە ولەم بارەیەوە دەڵێت

" ئەوە بواری خەباتی من بوو چ لە سوید وچ لە کوردستان " ،

هەروەها مهاباد رونی کردووە کە بەخشینی ئەو پۆستە بەو لەبروای ئەو حزبەوە سەرچاوەی گرتوە بە تواناکانی ئەو .

هەرچەندە سروشتی حزب لە کوردستاندا وایە کە هەرگیز پۆست نابەخشێتە کەسانی بێلایەن ووسەربەخۆ تەنها لەبەر ئەوەی کەسانی پسپۆر ولیهاتوون ، بەڵام مەهاباد پێی وایە کە ئەو رەنگە خاڵی وەرچەرخان بێت لەو مەسەلەیەدا .

پاش دەستبەکاربوونی مهاباد قەرەداغی سیاسەتی یەکسانی دارشت بە راوێژ لەگەڵ سەرۆکی حکومەت وبڵاوی کردەوە کە بریتیە لە پێشەکیەك دەربارەی ئەو سیاسەتە وچۆنێتی گەڵاڵە کردنی ومیکانزمەکانی  کارکردن بۆ یەکسانی وهەوڵدان بۆ پراکتیزە کردنی.

" من یەکسانی ژەندەریم لا مەبەستە واتە ئافرەت وپیاو دەرفەتی یەکسانیان هەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا " مهاباد ووتی .

هەندێك پێیان وایە ئەو وێنایەی مهاباد قەرەداغی کردویەتی بۆ مافەکانی ژنان وێنایەکی پیاوانەیە ، وقبوڵ کردنی ئەو پۆستە قبوڵکردنی  تێروانینی پیاوانەیە بۆ یەکسانی .

بەڵام مەهاباد پێی وایە کە بۆچونی جیاواز دەتوانێت رەخنە لە سیاسەتی یەکسانی بگرێت ودەڵێت " من باوەرم بە دیموکراتیەت هەیە بۆیە مرۆڤ ئازادە لە رەخنە گرتن لە هەربیروبۆچونێك بە مەرجێك  هێرش بردنە سەر کەسایەتی کەسێك نەبێت " .

هەندێکی تریش وای دەبینن کە ئەو سیاسەتەی مەهاباد دایرشتوە بۆ یەکسانی لەلایەن فیمینستەکانی کوردستانەوە بە شێوازی جیاواز خراوەتە روو وکارنامە وبەرنامە رێژی بۆ کراوە بەڵام تەنها ئەوە ماوە بچێتە بواری پراکتیزە کردنەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە  .

مهاباد پێی وایە لەدونیادا مەسەلەی ژنان قۆرخ نەکراوە بۆ هیچ کەسێك ، لەمبارەیشەوە وتی " ئەمە مەسەلەیەکە  لە پانتایی کوردستاندا هەر هێزێکی پێشکەوتووخواز دەتوانێت ئیشی لەسەر بکات " .

زۆرێك لەو كەسانەی لەسەر مهاباد قەرەداغی نوسیویانە پێیان وایە مهاباد 180 پلە هەڵوێستی رەخنەگرانەی خۆی لەسەر دەسەلاتی كوردی گۆریوە ، بەلام مهاباد هەموو ئەو بۆچونانەی رتكردەوە وپێی وایە رەخنەكان زوربەی بێ بنەمان ودەلێت " دەكرێ ئەو جۆرە كەسانە بەراوردی نوسین وبیروبۆچونەكانی ئیستام بكەن لەگەڵ هی پێشوو ، گەر گۆرانكاری لە بیرو بۆچونەكاندا هەبوو یان ئەگەر پاشگەزبوبێتمەوە لە بیركردنەوەی رادیكالانەی خۆم لەمر پرسی یەكسانیئەو كەسە بۆی هەیە لە ئەنجامی ئەو بەراوردە رەخنە بگرێت " ، هەروەها ئاماژەشی بەوە كرد كە تەنها سایتێك هەیە دژایەتی دەكات .

بیروبۆچونەكانی مەهاباد لەگەڵ بزوتنەوە ریفراندۆمدا یەكی دەگرتەوە كە ئامانجیان سەربەخۆیی كوردستانە بەلام ئەو گەرایەوە بۆ كوردستان وپۆستێكی وەرگرت لە حزبێكدا كە كوردستان بە بەشێك لە ئێراق دەزانێت ووكار بۆ ئەو بەرنامەیە دەكات .

مهاباد ئاماژەی بەوە دا كە ئێستاش باوەری بە سەربەخۆیی كوردستان وەكو خۆیەتی ، ئەوەش یەكێكە لەپرنسیپەكانی هەروەك چۆن یەكسانی پرنسیپیەتی ، بەلام پی وابوو ئەوە لە ئەمرۆدا زەحمەتە.

" من پێم وایە بەراستی ستراتیژی پارتی ئەوە نیە ، راستە دەری نابرێت لە روو بەلام ستراتیژی پارتی كاركردنە بۆ سەربەخۆیی كوردستان " .

مهاباد قەرەداغی كە حەز دەكات زیاتر وەك نوسەرێك ولێكۆلەرێك لە بواری مافەكانی ژناندا بناسرێت خۆی بە فیمنیستێكی لیبراڵ دەزانێت چونكە پێی وایە ئەم قوتابخانەیە زیاتر لەگەل بیروبۆچونە كانیدا دەگونجێت كە فۆكسكردنە سەر ریفۆرمی كۆمەلایەتیە .

مهاباد پێی وایە ئەو ژنانەی لەهەر پۆستێكدان فیمینستانە بیرنەكەنەوە ورازی بن بەوەی لەلایەن پیاوانەوە ئاراستە بكرێن ناتوانن گۆرانكاری دروست بكەن لە كۆمەڵگەدا ، ودەڵێت

" گەر ژن فیكرو فەلسەفەی خۆی هەبوو هیچ پیاوێك ناتوانێت ئاراستەی بكات " .

بەرهەمە چاپكراوەكانی خاتوو مهاباد وەك خۆی ئاماژی پێدا 24 كتێبە لە بوارەكانی شیعرو چیرۆك ووەرگێران ولێكۆڵینەوەدا ، بە وردبونەوە لەو كتێبانەی بە لێكۆلێنەوە ناویان دەبات زیاتر لە نوسینی رۆژنامەوانی دەچێت وەك لەوەی لێكۆڵینەوە بێت چونكە مەرجەكانی لێكۆڵینەوەی زانستی تیا بەدی ناكرێ كە پشت بەستنە بە سەرچاوە وئامار وشیكردنەوە وئەنجام وپێشنیاز وچارەسەر كە ئەمە زوربەی زۆری ئەو بەناو لێكۆڵینەوانە دەگرێتەوە كە قەڵەمی مێینە نوسیوێتی دەربارەی پرسی ژن .

بۆچونی خاتوو مەهاباد لەمبارەیەوە جیاواز بوو ئەو پێی وابوو كە هەندێ لە نوسینەكانی بەهەموو پێوەرەكان لێكۆڵینەوەن وئەوانی دیش وتاری رۆژنامەوانین .

" مەرج نیە هەموو ی بچێتە خانەی لێكۆڵینەوەی وشكەوە وپشت ببەستێت بە میتۆد وسەرچاوە " مهاباد وتیی .دەربارەی ئاماریش مهاباد ئاماژەی بەوە كرد كە كوردستان لە زانستی ئاماردا كەموكوری زۆرە تەنها ئەوە نەبێت كە كەسێك چوەتە لادێیەك یان شارێك پرسیوێتی وهاتوە ئاماری دروستكردوە كە ئەمە بەرای ئەو ناتوانرێت وەك ئاماری بەرایی پشتی پێببەسترێت .

پرۆژەی داهاتویی مەهاباد قەرەداغی نوسینەوەی بەشی دوەمی بیرەوەریەكانیەتی ، هەروەها نوسینی لێكۆڵینەوەیەكی دەرونناسە كۆمەلایەتیە دەربارەی ئەنفال وكاریگەری لەسەر كورد .

---

** ئەم ستۆریە لە رۆژنامەی ئاوێنە بڵاوکراوەتەوە بەڵام بە هەندێ گۆرانکاریەوە بۆیە ولەسەر داوای هەندێ لە رۆژنامەنوسان وهاورێیانی هەندەران بریارم دا جارێکی تر بڵاوی بکەمەوە.